# له ئەنگلسەوە بۆ مارکس

مانشیستەر، له 26ی ئەیلول/1851

خۆشەویستم مارکس

بەقەت ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندی بە مێژووی جەنگی لتیشۆوە[1] هەیە، لە تێڕوانینی سەربازیشەوە لەرادەبەدەر بێ ئاستە و لە هەندێ شوێنیشدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ساختەیە. جگە لەو حەقیقەتە قووڵە کە دەڵێ، دەبێ هێز بە هێز ڕووبەڕوو ببێتەوە، و ئەو دۆزینەوەیە کە نەفی ئەقڵ دەکا لەمەڕ ئەوەی کە شۆڕش ناتوانێ بە سەرکەوتن بگا تەنها ئەگەر گشتی بێ(و پاشان، دەقاودەق، ئەگەر هەرگیز ڕووبەڕووی هیچ بەرگرییەك نەبێ، و بە گوێرەی ماقووڵ ئەگەر شۆڕشی بۆرژوازی بوو). بێجگە نیاز پاکی لە لەناوبردنی((سیاسەتی ناوەوە))ی بێفەڕ، واتە شۆڕش بە تایبەتی لە لایەن دیکتاتۆرێکی سەربازی، هێشتا نەدۆزراوەتە، سەرەڕای کافینیاك و ویلیش. بێجگە لەم دارشتنە سیاسییە مانا مەزنە لەو تێڕوانینە کە ئەو بەڕێزانە لە بارەی شۆڕش وەریدەگرن، ئەوا ئێمە دەبێ ئەمانەی خوارەوە، لە تێڕوانینی سەربازییانەوە لە بەرچاو بگرین:

1/ دیسپلینی پۆڵایین، کە دەتوانێ بەتەنها زامنی سەرکەوتن بکات، ڕێك پێچەوانەی((دواخستنی سیاسەتی ناوەوە)) ولە دیکتاتۆرییەتی سەربازی. ئەم دیسپلینە لە کوێوەوە سەرچاوە وەردەگرێ؟ بە هەر حاڵ، هەرچۆنێك بێت ئەو بەڕێزانە، لە بادن و بالاتینیت هەندێ تاقیکردنەوەیان وەرگرتووە. ئەوە ڕاستییەکی ڕۆشنە کە پەرتەوازی لەشکر و شلبوونی دیسپلینی تەواو تا ئێستا مەرج و سەرئەنجامی گشت شۆڕشێکی سەرکەوتوو بوون. فەرەنسا لە 1789تا1792 پێویستی بە سەرلەنوێ ڕێکخستنی لەشکرێك هەبوو، تەنها پێکهاتبێت لە60000-80000پیاو-ئەوە لەشکری دومۆرییبز بوو- ئەم لەشکرە سەرلەنوێ خۆیی هەڵوەشانەوەو گەر ڕێ بە گوتن بدرێ، تا کۆتایی1793، هیچ لەشکرێکی ڕێکخراو لە فەرەنسا نەبوو...

ئەدی کێ بوو لە کاتی یەکەم شۆڕشی فەرەنسا دیسپلینی بۆ ناو لەشکر هێنا؟ ئەوە کاری جەنەڕاڵەکان نەبوون، ئەمانە پشتگیری و دەسەڵاتیان بەسەر ئەو لەشکرە پیادەییە وەرنەگرتبوو، تەنها پاش بەدەستهێنانی چەند سەرکەوتنێکی شۆڕش نەبێ، بەڵکو ئەو ئیرهابە بوو کە دەسەڵاتە مەدەنییەکان بەکاریان دەهێنا لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ناوەوە....

---

[1]/ ئاسەواری جەنگی داهاتوو، لێکۆڵینەوەیەکە بە قەڵەمی ئەفسەر تیشو، سەرۆك ئەرکانی لەشکری شۆڕشگێر لە بادن لە ساڵی1849، لە نیویورکرشتات تسایتونگ بڵاوکراوەتەوە.